Kurdish Human Rights Association    Tel: +46707458478

kmfsverige@gmail.com

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و کێشە بێ ئەنجامەکانی**

لە ئێوارەی پێنجشەممەی 20/9/2007 لە ئۆردوگای زرگوێزەڵە کە کەوتوەتە پازدە کیلومیتری شاری سلێمانی پێکدادانی فیزیکی لە نیوان باڵی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و ڕەوتی چاکسازی کۆمەلە هاتۆتە ئاراوە و بۆتە هۆی بریندار بونی چەند کەسێک لە لایەنگرانی هەر دوو لا.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە ناو خەلکی کوردوستاندا بە لە خۆبردوویی و قارەمانیتی و فیداکاری ناسراوبوو، و لە ناو کۆمەڵەش دا هاوڕییان ئامادەی گیانفیدایی بۆ هەڤالانی خۆیان بوون، لە ناو کۆمەڵە دا بە سەدان قارەمان پەروەردە کران و بە سەدان قارەمان گیانی خۆیان فیدای ئامانجەکەیان کرد ، چ قەوماوە لە ناو ئەو ریکخراوەدا هاوسەنگەران بە چەقۆ و قەمەمە و گۆپاڵ کەوتونە گیانی هەڤاڵانی خۆیان. شەری ئایدەئۆلۆژی دەگۆڕی دایە یان بەرژەوەندی ئابوری و تاکەکەسی؟ گرنگ نیە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو ئاکارە دزێوە خزمەتێک بە دێمۆکڕاسی و پێشکەوتنی ڕەوتی ئازادیخوازی ناکات و تەنیا وتەنیا دەبێتە خۆراک بۆ دواکەوتوویی و ئەوەندەی تریش لێکداترازانی ریزەکانی گەل.

ئێمە وەک کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئوروپا ئەم هەڵس و کەوتانە بە توندی مەحکوم دەکەین و بەرپرسیارەتی دوارۆژی دەخەینە ئەستۆی ڕێبەرانی هەردوو لایەن و هاوکات داوا لە هەمو ئەوکەسانە دەکەین کە بەشدارن لەم کێشەیە هەستی بەرپرسیاریتی خۆیان لە بەر چاو بگرن و

هەستیارانە هەڵس و کەوت بکەن، و ئێمە پێمان وایە کە تەنیا کۆماری ئیسلامی ئێران و مشەخۆرانی ئەم دەستەڵاتەیە کە لەم کێشەیەدا دڵخۆش دەبن.

بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ لە ئوردوگای زڕگوێزەڵە ڕوو ئەدا و ئەندامانی کۆمەڵە بەربونەتە گیانی یەکتر پێشێل کردنی ڕاستەوخۆی مافەکانی مرۆڤە. سەیر لەوەدایە کە ئەو کەسانەی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادی بیر و ڕا لە جەرەیانێکدا ئامادەی خەباتکارین هەم مافیان پێشێل ئەکرێ و هەم مافی بەرانبەریان بن پێشێل ئەکەن.

2007-09-21

**کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد-ئوروپا**

////////////////////////////////////////////////////////////////////////